کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:43 1-10-2007

**بێکەس و حیزبچێتی و بەجێمان لەخۆی.. ئەرسەلان مەحمود**

بەوپێوەرەی مرۆڤ، هەر لەسەرەتاو کرۆکی دروست بوونیەوە، لەسەر ناکۆکی پێکهاتووەو هەرکاتێکیش ناکۆکیەکی حەقیقی نەبووبی، هاتووە لەڕێگەی خولْقاندنی دنیاو کەشی خەیاڵاتەوە ناکۆکیەکی بۆخۆی دروست کردووەو بەوەش شتێکی بۆ خۆ خەریك کردن لەدەریای ژیان هەڵێنجاوە..

کەوابوو مومکینە هەموومان لەسەر ئەو حەقیقەتە خیلافێك لەتێگەیشتن و خوێندنەوەماندا نەبێت، بەلاْم نابی ئەوەمان لەبیر بچێت کەهەبوون و گەورەبوونی هەر ناکۆکیەك ئەگەر بابەتیانە سەیر بکری، ئەوەندەی لەنزمی و لاوازی ناچۆنایەتییەوە بەرەو بەرزی و بەهێزی چۆنایەتی گەشەی کردووە، ئەوەندە نەك هەر ئامانج ئەوە نەبووە هەبوونی ناکۆکی یان ململانێکە بنەبڕ یان وەلا بندرێت، بگرە خۆ کەنارگیر کردن یان بیرکردنەوە لەهەر جۆرە خۆدەرباز کردنێك بەزیان و جۆرێکی نابابەتی لەپاشەکشی لێکداوەتەوە، تۆ سەیربکە.. بازرگانەکان لەپێناو هەرچی زۆرتری سودمەند بوونی تایبەتی خۆیان، ململانی و ناکۆکیەکی زۆر لەنێوانیاندا بەدیدەکری، گەرچی دواجار گەڕان و ناکۆکی ئەوان دەچێتەوە خزمەتی کۆمەڵگاو ئەوەی ئەوان بەرهەمیان هێناوە تێکەڵ بەسامان و خەرمانی بەرهەمهاتووی گەلو کۆمەڵگا بەگشتی دەبێتەوە، بێگومان ئەوەش هەروا سادەو سانا بەدەست نەهاتووەو نایەت، چونکە سروشتی ژیان وای هێناوە کەزۆرێکمان لەو پێناوەدا ببینە قوربانی و قەرەبرووت..



ئەگەر خوێندنەوەو تێگەیشتنمان بۆ ناکۆکی و هەبوونی ململانی لەڕووی کۆمەلاْیەتییەوە بریتیبێت لەو حەقیقەتەی لەسەرەوە باسمانکرد، ئەوا لەڕووی سیاسی و حیزبیشەوە، بەتایبەتیش لەڕەوشی سیاسی و حیزبایەتی ئێستای نێو کۆمەڵی کوردەواری، هەبوونی ناکۆکی و ململانێکان، بەو پێوەرەی پانتاییەکی زۆرتر دادەپۆشن و لەهەمبەر پرس و ناکۆکیە کۆمەلاْیەتیەکان، هەڵگری پاساوگەلێکی زیاترن، یان بایەخی زیاترو تەبلیغاتی زۆرتریان بۆ دەکری و دەردەکەون، مومکینە هەڵەیەکم نەکردبی واتێبگەم پێچەوانەی ناکۆکیە کۆمەلاْیەتیەکان کەوتبێتنەوە، چونکە ئەوان لەغیابی فکری و کاڵبوونەوەی ئایدۆلۆژیەت و فورسەت خوازی کەمینەیەکی بەجێماو لەخۆیان سەرچاوەیان گرتووە، ئەوەتا بەدرێژای مێژووی سیاسی و حیزبی لەولاْتی ئێمەدا ئەگەر بابەتیانە بیانخەیتە بەرشەن و کەوکردنێکی دوور لەبەرتەسکی چوارچێوەدار، بەدەگمەن ڕێدەکەوێت ناکۆکی یان ململانێیەك ببینیت سەرو بەرێکیان بەخیلافاتی سیاسی و حیزبی و لایەنە بابەتیەکانەوە هەبووبی و هەبێت، هەر وەك ئەوەی ئەگەر هەباس حمد قادر (بێکەس) ی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان (بۆیە دەڵێم ئەندامی سەرکردایەتی، چونکە ئەو لەکۆنگرەی ـ 2007/1/16 ـ ی پارتەکەی بەئەندامی مەکتەبی سیاسی دەرنەچۆتەوە، وەك ئەوەی خۆی بەهەڵگری ئەو مقامەتە تەقدیم دەکات... ) بەنمونەو وەك مەبەستی باس وەر بگرین، دەردەکەوی تەبلیغاتی ناوبراو دوای هەموو ئەو حیزبانە (سۆسیالیت، زەحمەتکێشان، بزوتنەوەی یەکبوون، بزوتنەوەی میللی، پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان، پارتی کاری دیموکرات، یەکبوونی نیشتیمانی کوردستان، بزوتنەوەی جوتیارانی کوردستان) دووبارە لەو پارتەش یاخی دەبی و لێرەو لەوێش چەند جارێکە دەکەوێتە پێش چاوم بی ئەوەی بەبەڵگەوە ئەوەمان بۆ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بسەلمێنێت، هۆکاری یاخیبوونەکەی بۆ هەبوونی کێشەو ناکۆکی و خیلافاتی سیاسی دەگەڕێنێتەوە، لەوەش زیاتر لەلایەك سکرتێرو ستافی سەرکردایەتیەکەی بەخۆپەرست و تاکرەوو نەخوێندەوارو ناحاڵی و بی پلان و پرۆژە باس دەکات و تاوانباریان دەکا بەوەی کەهەڕەشەی کوشتنیشیان لێکردووە، لەلایەکی تریش بی ئەوەی لەو جیابوونەوەیەی باسی دەکات تاکە بارەگایەکی بردبی، وای دەخاتە ڕوو کەزۆرینە لەگەڵ ئەودان، ئەوە لەکاتێکدا ئەوبرادەرە لە (90) کانەوە سکرتێرو بەشیك لەو سەرکردایەتی ئێستای حیزبەکەی لەنزیکەوە دەناسی و تەنانەت لەچەند ساڵی ڕابووردوودا لەکوێستانەکانی پشدەر خۆم یەکێك بووم لەوانەی (ئەوسا ـ بێکەس ـ لەحیزبێکی تریشدا بوو هاوسەفەری ئەوکەسەی ئێستاو ئەوکاتیش سکرتێری پارتی کرێکاران و ڕەنجەدەران) بوو، پێشوازیمان لێکردن..

کەوابوو پەیوەندیەکە توندو تۆڵ و زۆر لەنزیکەوە وجودی هەبووە، ئەگەر وانیە ئەوسەردەم و تاڕاددەیەك ئێستاشی لەگەڵ دابی خەڵك لەسەر دۆستایەتی و نزیکی لەسکرتێری پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان کەبێکەس خۆیشی یەکێك لەشاهێدەکانە تەنانەت لەسەر پێشوازیکردنی خەڵکانێکی زۆر بانگهێشتی ئێرەو ئەوی کران و ئیجرائاتیان لەگەڵ کراو سەر زەنشت کران، مەبەستم ئەوەیە بڵێم هەڵسوکەوت و هاوشانی کردنی سکرتێری حیزبەکەی، ئەگەر قوڵ و قاڵبوونەوەی بەخۆوە نەدیدبێت بۆهەر کەسێکی تر، نەك هەر بۆ بێکەس، نزیکبوونەوەی ئاسان نەبووە بێگومان لەڕووی سیاسی و ئەو ڕەوشە سەیرو سەمرە حیزبیەی لەوڵاتی ئێمەدا هەیە، نەك لەبەر شتێکی تر، ئێستا دەپرسم خەلفیەتێکی ئاوا درێژ بەتایبەتیش بۆکەسێك خۆی بەپیاوێکی سیاسی بزانی لەناسین و تێکەڵاوبوونی کەسێکی تردا، مادامێك ئەو وەك خۆی دەڵێت پیاوێکی تاك ڕەوەو ئاگای لەدەرەوەی بیناکەی خۆی نیە، لەلایەك بێکەس بۆ ئەو وەزن و پێگە سیاسیە چەواشە دەکاو لەلایەکی تر، تۆ بڵێی ئەو پاڵنەرە چیبوبێت وای لەهەباس حمد قادر کردبێت دوای هەموو ئەو پەیوەندیە دوورو درێژە بێتو کاری سیاسی هاوبەشی لەتەکدا بکاو تەنانەت دواجار حیزبیشی لەگەڵدا تێکەڵاو بکات؟!.. ئەگەر هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە، بڵێی بۆ داوایەکی یاسایی لەسەر ئەو هەڕەشەو گوڕەشەیەی خۆی باسی دەکات لەدادگا لەسەر تۆمار نەکردوون؟!.. دەپرسم تۆ بڵێی سکرتێرو سەرکردایەتی هەموو ئەو حیزبانەی بەجێیهێشتوون کەنامەوی شتێکی تر لەوبارەوە بڵێم، ئایا ئەوانیش نەزان و نەخوێندەوارو تاکرەو یان بی ئاگا بووبن لەدنیاو دەرەوەی خۆیان؟!.. هەر بەڕاست لەگەڵ ئەوانیشدا وەك باسدەکا کێشەو خیلافاتی سیاسی و حیزبی هەبووە؟!.. ئەگەر وایە تۆ بڵێی ئەو بیرو بیرۆکەو فەلسەفە سیاسی و حیزبیەی بێکەس لەگەڵ ئەو هەموو حیزبانەدا نەیتوانی بیگونجێنێت، چیبی و هەڵگری چ حیکمەتێك بێت؟!.. ئەگەر ناکۆکی یان خیلافەکە دوورە لەپێوەرە شەخسیەکان (ئەگەرچی من شتگەلێکی ئاواش نابینم چونکە بێکەس بەنامەی تایبەتی سکرتێرەکەی بەڕاوێژکاری وەزیری ڕۆشنبیریی لەکاتێکدا ئەو یەکێك لەو کەسانەیە زۆر قەسە لەگەندەڵی و لەسەر ئەم و ئەوو حکومەت بەگشتی دەکات، دەرچووی سەرەتایشە، جێگیر کرا) ئایا ئەو نەخوێندەوارە یان سکرتێرەکەی کەلە (1982 ـ 1983) خوێندنی تەواو کردووەو ئێستاش خوێنکاری یاسایە؟!.. دووبارە دەپرسم ئەگەر زۆرێك لەسەرکردایەتی و مەکتەب سیاسی و ئەندام لایەنگرەکانی پارتەکەی دوای ئەو کەوتوون، ئەوە جگە لەوەی براکەی (همزە حمد قادر ـ ئەندام مەکتەب) و ژنبراکەی (سامی ـ ئەندامی مەکتەب سیاسی) هەر لەناو پارتی کرێکارانن، ئەوانە کێن، لەگەڵ ئەودان؟.. ناوەکانیان چییە؟.. هەڵگری چجۆرە پلەیەکی بەر پرسیاریەتین؟.. خۆ حیزبەکەی خاوەنی سوپاو هێزی سەربازیش نین، کێهان بارەگایان بەدەستەوەیە؟.. ئەمانەو زۆر شتی تر... ئەگەر حەقیقەتێك لەو بارەوە هەبی پێویستە بێکەس بۆ ڕای گشتی و بۆ قورسایی پاساوەکانیشی بەیانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بکات، خۆ ئەگەر ئەوە هەر تەبلیغاتیشە بڵێی چەواشەکردنی خەڵك و چاودێرانی سیاسی و ژیانی حیزبی لەم وڵاتە خێر لەخۆنەدیوەدا لەپێناوچی و چ خزمەتێك بەخودی خۆی بکات؟!.. دەپرسم ئەگەر سکرتێری حیزبەکەی لەفراوان بوون دەترسی بەهەوڵی کی (یەکبوونی نیشتیمانی) و (بزوتنەوەی ئاشتیخوازان) و کەسەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی لە (پارتی کار) و چەندان کادرو کەسایەتی جیاواز لەڕووی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پیشەییەوە لەنێو خەڵك و حیزب و ڕێکخراوەکانی ترەوە لەگەڵ حورمەتێکی زۆرم بۆیان، هێندرانە ناو پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان؟!.. کامانەن ئەو کۆڕو کۆبوونەوانەی ئەنجامیان دەدەن؟..

من دڵنیام لەهیچەوە هیچ بەملاو ئەولادا ناڕوات، ژیانێکیش پڕ بێت لەململانێی ناتەندروست و بیەوێت بۆهەمیشە لەسەر مڕاوەغەی سیاسی بژی و بمێنێتەوەو ئەوەی لێرەو لەوێش بەناوی ئەنجامدانی پلنیۆم و شتی لەو جۆرە باسی لێوەدەکات، زۆرێکمان گوێمان لەوە هەبووە کەدەڵێ سبەی ڕۆژ بەوە هەر بەو ڕێگەیە دەگەینە ئاستەکانی بەرپرسیارییەتیەك لەناو حیزبە خاوەن دەسەڵاتەکان بێگومان لەڕووی سیاسییەوە، ئەگینا زۆر ڕاستەو تەواو لەگەڵ ئەوەدام ئێستا لەکوردستاندا کاری سیاسی و حیزبی ئازادەو ڕێگە لەکەس نەگیراوە، بەڵی حیزبیش هەر ئەوەنیە تابلۆیەکی گەورەی هەڵواسیبێت، سیاسیەکانیش لەمەفهومی ئاواکارو دوای هەموو پەیوەست بوونێك تێدەگەن!..

دواجار... دوور لەلێکدانەوەی ناتەندروست، منەتباری هیچ جۆرە خاتری خاترانێك، هەڵناگرم و ئەوەی گووتوومە تەنهاو تەنها بۆ ناسین و ناساندنی حەقیقەتەکان و پەیوەندی بەدرککردنی دەرئەنجامی ئەوباس و بابەتگەلەوە هەیە کەدواجار یارمەتی ئەوەمان بدات گومەڵگەی کوردەواری ئاوێتەبوو بەسیاسەت، لەوەی کەهەیە تێبگەیەنین، هەروەك چۆن دەمەوێت بە کاکە هەباس بڵێم ئیتر ساغبۆوە، بەتەجروبە دەرکەوت، ئەو تەبلیغاتانە بی ئامانن و حەقیقەت ئەوەیە دانی پێدابنێت هێشتان سەرکەوتویت کەلەکاری سیاسی و حیزبی و حیزبایەتیدا سەرکەوتوونەبوویت، بەنیگەرانییەکی ڕاستگۆیانەوەشەوە دەبی دووبارە ئەوە بڵێم ئەو جۆرە ڕەوشەی ئێوە چۆن شتگەلێکی زۆری لەدەست داون، دەهێنێت و ئیتر کاتی ئەوە هاتووە شتگەلێکی زۆریشیان لێوە فێر بووبن، چونکە ئەگەر ئەوەندەی تر خۆتان هەڵەو بڵاو نەکەن، دڵنیام دروست لەوە تێدەگەن ئەوباسە دواجار دەرئەنجامەکەی شتێکی جیاوازتر لەو ناساندنە هەڵناگرێت، کەوابوو باشتروایە کاتەکانی خۆت بۆ بواری ڕۆژنامەوانی و سەنتەرەکەت (کوردڤین) تەرخان بکەیت، خۆ لەخوا بەزیاد بێت (پێنج ملیۆن دینار) لەحکومەت وەردەگری و تائێستاش نەنوسینگەی ڕۆژنامەکەو نەنوسینگەی سەنتەرەکەشت نییە، دەبی ئەوەش بزانی تاهەنوکە خۆت بەرپرسی ڕایکردنی ئەو کارانە بوویت لەوەزارەتی ڕۆشنبیریی، بەڵام لەمەو دوا... هەمووان لەبەردەم لێپرسینەوەدا، وەك یەك دەبین، خۆشت یەکێکی تر دەبیت کە کەوتوونەتە بەردەم شاڵاوی کەمکردنەوەو چاکسازی لەناوسەنتەرو بڵاوکراوەکان، ماوە بڵێم سەرەڕاش ئێوە ئازادن چۆناوچۆن ئەوبابە لێکدەدەنەوەو تێدەگەن، بەڵام ئەگەر حەقیقەتێکم وەك ئەوەی خستمە ڕوو بەدینەکردبا، پێم وایە ئێوە باشتر لەهەرکەسێك دەزانن دوورو نزیك، کەم و زۆر نەحەزم لەچەلەحانێیەو نەئەو ماوەیەشم هەیە...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.